www.kurdistannet.org

15-2-2007 21:32 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئەڵمانیا داوای ڕێک خستنی جامی جیهانی دەکات بۆ ئافرەتان ... ئەنوەر خەراجیانی



یەکێتی تۆپی پێی ئەڵمانیا ئامادەکاری خۆی تەواو کردبۆ داخوازی ڕێك خستنی کۆتایی کاسی جیهانی ئافرەتان بۆ ساڵی 2011، لە بەیان نامەیەکدا کە هەردوو سەرۆکی تۆپی پێی ئەڵمانیا (تیوز فانتسیگر)
و سکرتێری گشتی یەکێتی یەکە (هورست شمیت) ئیمزایان کردبوو بۆ داواکردنی ئەم پاڵەوانێتی یە کە لە ئەڵمانیا ساز بدرێت کەوا پێویست بوو ئەم داواکاری یە بگاتە دەستی یەکێتی تۆپی پێی نێودەڵەتی تا مانگی ئازاری داهاتوو، بەڵام بۆ داواکردنی میوانداریێتی ئەم ڕووداوە گەورەیە ئەوا مەلەفی داواکاری یە کە پێویستە بدرێتە بەر دەستی فیفا پێش مانگی ئابی داهاتوو بۆ ئەوەی لە 31 ئابدا ناوی وولاتە میوانداره کە ڕابگەیە نرێت، ئەوەی جێگای باسە فەرەنساش هەمان داواکاری پێشکەش کردووە،
وولاتی ئەڵمانیا کە لە پاڵەوانێتی تۆپی پێی ئافرەتاندا جاری پێشوو گەیشتە کۆتایی یەکان ئەمجارەش لە هەمان پاڵەوانێتی جیهاندا کە لە وولاتی چین ساز دەکرێت دەیەوێت پارێزگاری لە نازناوەکەی بکات
ئەڵمانیا ساڵی 2001 پاڵەوانیتی ئەورووپای سازدا بۆ تۆپی پێی ئافرەتان، هەروەها دوو جاریش میوانداریێتی خولی مۆندیالی کردووە بۆ پیاوان لە ساڵی 1974 و 2006 دا.

ئامادەکردنی
ئەنوەر خەراجیانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.